# لیستی هاوپەیمانی لیستی مەلا و قەشەکان یان رۆشنبیر و عەلمانیەکان؟
# لیستی پەلاماردەری حەرامترین کەرەسە بە عەلمانیەت

**هەردی مەهدی میکە**

Hardi_mahdi@yahoo.com

بە زەمینێك دەوترێ زەمینێکی مەدەنی و بە گروپ و کوتلەیەکی کۆمەلأیەتیش دەوترێ عەلمانی، کاتێك رایەلّەی کایەکان راگیرکرابێت ئەوکاتەی هیچ دەزگا و دامەزراوەیەك بۆ کارێکی جگە لە خۆی قۆرخ نەکرێت ، ئەمەش لە پێناو ئەو فەزایەی هەموو کەس و گروپ و لیستێك بە ئەرك و کاری خۆیان هەستن، ئەگەر کەسێکی ناسیۆنالیست بواری نەتەوایەتی قۆرخ کرد بۆ مەسەلەی تەسکی ئایدۆلۆژی و حزبی ئەوکاتە دەیەوێ نەتەوەکەی بە ئاقارێکدا بەرێت کە داهاتوەکەی روسور و گەش نیە، کاتێك مەلایەك دەست دەبات لە لاقیتەی مزگەوتێکەوە بانگەشە بۆ ئایدۆلۆژیایەك بکات ئەوکاتە ئیحترامی مێزەرە و مینبەرەکەی نەگرتوە، ئەو کاتەی سیاسیەك لە پۆستەکەیەوە و لە سەر مێزی ئۆفیسەکەیەوە وتاری ئاینی پەخش دەکات و باس لە عیبادەت دەکات و زەوی دابەش دەکات لە نێوان ئاسمان و زەوی و دۆزەخ و بەهەشتدا، ئەوکاتە هیچ ئەمەلێك نامێنێ بۆ ئەوەی زولّم نەکرێ لە هاولأتیەك و گەندەلّی بەرهەم نەیەت.، لە هەموو ئەمانەشدا ناتوانین چاوەڕێی هاتنە کایەی فەزایەکی عەلمانیانە بکەین.

ئەم رەشبینیەی سەرەوە رێك دەتوانین لە کوردستان ببینین ، ئەمەش هەردوو ئیدارە و دوو حزبەکەش بە پلەی یەك تاوانبارن، لە کوردستاندا جارێك ناتوانین حوکم بدەین بەسەر یەکگرتووی ئیسلامی و حزبەکانی دیکەدا چونکە ئەوان نەچونەتە سەرکورسی تا کورسیەکان ببنە شایەتحالّی کارەکانیان، بەلأم ئەتوانین حوکم بدەین بەسەر ئەو هێزە ناسیۆنالیست و بەناو عەلمانیانەدا کە (15) سالّە حوکم دەکەن چونکە کار و چالاکیەکانی رابردویان لەبەردەممانندا ئامادەن، ئەم حیزبە ناسیۆنال و بەناوعەلمانیانە رۆژانە بانگەشە و هاتو هاواری مەدەنیبوون و عەلمانیەت دەکەن کەچی لە زۆربەی کاتە ناسکەکاندا پەلاماری حەرامترین کەرەسە بە عەلمانیەت دەدەن و ئامادەن هەموو کارو پرۆژە و مزگەوت و پێشمەرگە و ئالأیەك قۆرخ دەکەن تەنها بۆئەوەی لەسەر کورسیە بەنازەکانیان دانیشن و زیاد لەوەش بۆ ئەوەی مشتێك زیاتر لەو پارەیان دەسکەوێ ، تا رۆژانە لە قورگی مەسئولە نامەسئولەکاندا غەرقبکرێت.. ئەوان زۆر ئازایانە داوادەکەن "دەنگدان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەنگدانە بە مەدەنیەت و دەولّەتی یاسا" ، ئێمە دەپرسین دەولّەتی یاساکامەیە؟ گەر ئەوەبێت کە مەلایەك لە کوردستان تیڤی بلّێت "ئەوەی دەنگ بە 730 نەدات کافرە"**، ئەوا چی جیاوازە لە سعودیە و ڤاتیکان؟ ئەم هەنگاوەتان چەندی عەلمانی و شارستانیە کاتێك هەرچی مەلا و پێشمەرگە و بەرپرسە دەچنە سەر قوتابخانە و فەرمانگە حکومیەکان و مینبەرە ئاینیەکان و پڕ بە قورگیان هاوار دەکەن دەنگ بدەن بە 730 ، تا چەند ئەتوانین بلّێین لیستەکەتان لیستی دەولّەتی یاسا و عەدالەت و دیموکراسیە؟؟ لە کاتێکدا ئێوە دەنگتان بۆ

کۆناکرێتەوە بە پرۆژە و کارەکان و مێژوتان، چونکە دەزانن لەگەندەڵی و خیانەت و پەلگرتنی هێزەبێگانەکان بۆ ناو پەرلەمان و کوشتنی براکانتان روتان بەرز ناکرێتەوە لە ئاستی هاولاّتیاندا.

بەلاّم دیارە ئەمجارەیان دەیانەوێ بەناوی مزگەوت و کونجی تەعزێخانەکان و عەشرەت و خێڵەکانەوە بمانئێرنەوە بۆ دەنگدان بە ""لیستی هاوپەیمانی!!"، ئەو لیستەی تەنها لەبەرئەوە بونەتە هاوپەیمانی یەکتر نەبادا ببێتە شەڕیان و پارە و کورسیەکان و پێگەیان لە کیس چێت نەك مەسەلەی نەتەوایەتی ، بەداخەوە گەر ئەمجارە یەکگرتوو نەبوایە ئەوا دەبوو وەك جاری پێشوو چاودێرەکانی هەڵبژاردن گۆرانیان بەسەر سندوقەکاندا هەڵدایە و لە سەدا بیستی هاولاّتیان بەشداریان نەدەکرد لە هەڵبژاردنە بەناو چارەنوسسازەکاندا..

زیاد لەوەش ئەمرۆ ئەگەر راست بە پێوەرەکانی عەلمانیەت بیرکەینەوە و داکۆکیکەرێکی عەلمانیەت بین ئەوا بێشك ناتوانین ئەوانە بە نوێنەری بزانین، زۆر سەیرە بگرە پاڵێوراوەکانی یەکگرتوو لەوەدا باشترن و رەخنە لە لیستی هاوپەیمانی دەگرن بەوەی هاوپەیمانی مزگەوتەکان بەکاردێنێ!! لەکاتێکدا گەر بە پێی تێروانینەکان بوایە دەبوو یەکگرتوو ئەم کارەی بکردایە، یەکگرتوو بەوان دەڵی و رۆژانە لە دەزگاگاکانی راگەیاندنیاندا بەکارهێنانی مزگەوتەکان لەلایەن لیستی هاوپەیمانیەوە بە خروقات و کارێکی نامەدەنی ناودەبا، ئێستە دەپرسین کێ عەلمانیە؟ وەلاّم : رەنگە بتوانین بڵێین هیچ کامیان.. بەلاّم خۆ ناتوانین نەڵێین ببورە یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ئەندامی "سۆسیال دیموکراتەکان" و پارتی دیموکراتی کوردستانی "باوکی دیموکراسی".. ئێوە نەمەدەنین و نەعەلمانی .. گەر ئێوەبن عەلمانی ئەوا ئاسۆی مەدەنی لە کوردستاندا هەڵاتنی لە مەحاڵەکانە ..

---

**بۆ سەلماندنی ئەم راستیە دەتوانن بۆ شەوێکیش بێت سەیری کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردستان و کوردسات و زاگرۆس بکەن، کە مەلاکان چۆن بانگەشە بۆ لیستی هاوپەیمانی دەکەن..